Bundesamt
für Migration
und Flüchtlinge



KURDISCH-SORANI

# کۆڤید-19:
# زانیاریی گرینگ لە بارەی پێشکەشکردنی داواکاریی بۆ داواکارەکانی پەنابەری

**ئێستا لەم لقەی بەڕێوەبەرایەتیی فیدڕالیی کۆچبەری و پەنابەران ئیمکانی پێشکەشکردنی داواکاریی تاکەکەسیی پەنابەری بوونی نییە. تا ئەو کاتەی ڕایدەگەیەنین داواکارییەکانی پەنابەرەکان لە ڕێگەی ناوەندی وەرگرتنی سەرەتایی پەیوەست پێشکەش دەکرێن.**

**پێشکەشکردنی داواکاریی پەنابەری:**

- لە یەکێک لە ناوەندەکانی وەرگرتنی سەرەتایی ناونووسی بکە. لەوێ بڕوانامەی هاتنەژوورت بۆ دەردەکرێ.
- لە ناوەندی وەرگرتنی سەرەتایی بۆ پێشکەشکردنی داواکاریی پەنابەری فۆڕمێک وەربگرە. فۆڕمەکە پڕ بکەوە.
- لە ناوەندی وەرگرتنی سەرەتایی، بڕوانامەکەت کۆپی دەکرێت و لە گەڵ داواکارییەکەت بۆ بەڕێوەبەرایەتیی فیدیڕاڵی کۆچکردنی و پەنابەران دەنێردرێت.
- بەڕێوەبەرایەتیی فیدیڕاڵی کۆچکردنی و پەنابەران مۆڵەتی مانەوەی کاتیت بۆ دەردەکات. لە ڕێگەیٚ ئەم مۆڵەتە دەتوانی لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بی. تۆ دەتوانی لەم ناوچەیە نیشتەجێ ببی کە ناوەندی وەرگرتنەکەتی لێیە.
- مۆڵەتی نیشتەجێبوونی کاتییەکە لە گەڵ ڕێنمایی نووسراوەی پەیوەست بە بەدواداچوونی داواکاریِ پەنابەری پێشکەش بە تۆ دەکرێت.
- دەبێ بە واژۆی خۆت وەریبگری و پشتڕاستی بکەیەوە.
- تەنیا ئەگەر نۆبەی سەردان وەربگری، دەبێ بۆخۆت مۆڵەتی نیشتەجێبوونی کاتییەکەت لەم ڕۆژەدا لە بەڕێوەبەایەتیی فیدیرال وەربگری.

**لە ئێستادا دانیشتنی گوێگرتن لە ڕەوتی بەدواداچوون بە داواکاریی پەنابەرییەکەت بەڕێوە ناچێت:**
دانیشتنی گوێگرتنی تاکەکەسی پەیوەست بە هۆکارە تاکەکەسییەکانی کۆچکردن و لێکۆڵینەوەی داواکارییەکانی پەنابەرییەکە، پاش ئەوەی کە ئەم کارە قابیلی ئەنجامدان بوو، جێبەجێ دەکرێت.

بەڕێوەبەرایەتیی فیدیڕاڵی کۆچکردنی و پەنابەران بەردەوامە لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەو داواکارییانەی کە پێشتر پێشکەش کراون. وەڵامی داواکارییەکان لە ڕێگەی پۆستەوە دەنێردرێ.

**زانیاریی زیاتر**

- تکایە لە ناوەندی وەرگرتنی سەرەتایی خۆت بمێنەوە.
- خۆت لە بەشداریکردن لە کۆبوونەوە گەورەکان بپارێزە.
- بە پێی پێویست گرینگی بە پاکوخاوێنی بدە.

**https://handbookgermany.de/en/live/coronavirus.html**
www.bamf.de/inforefugee

بەروار: 23.03.2020